# دیمانەی بەخێر بەعسی تازە

## مۆدیلی سەدەی بیست ویەك

باهۆز عەلی

ئەوە ئیتر لەسایەی حكومەتە لەندەنیە تازەكەماندا جارێكی تر دژی ژن بوونەكەمان حەڵاڵ كردوە، ئەوەیشی كەساڵەهایە قوربانی بۆ دەدەین، مەبەستم ئۆی تۆی نۆی مییەكەیە بۆ كورد، كەبەرهەمی ساڵەهای خەباتی كوردە بەدەست هات یاخوا مەبارەك بێت حیزبە كوردی یەكان، بەڕاستی گەلی كورد شەرمەزاری سیاسەتمەداریتانە، ئەوەی ئەمرۆ لە كۆنگرەی لەندەندا بەدەستتان هێنا لەوە ش زیاتر قوربانی دەویست، بەڵام ئێوەی پارتی زان بۆ شەڕی براكوژی بەكەمترین خوێن بەدەستان هێناو ئیقتیسادیتان تیاكرد، ڕاوەستن ! خۆ هەرئەوەندەشتان لەحیزبی بەعس داواكردایە دەیدانێ ! ئەوكات شاخ گرتنەوەشی نەئەویست دژی تورك، چونكە قەرارە تا ٥ ساڵی تریش تا مغلەمە دەبێ بە ئاخ لەمە، میوان بن و میوانیش سەرچاوان، یەعنی مەبەست دەبنە عەللائەدین و بەنەوت ئیش ئەكەن، خۆ دژی عەرەبیشمان كەم نەكرد هەركەس بەنانی بووتایە خبز دەمان كوشت، كەچی ماشاالله بەعەمری خوا سەددام عەرەبیشی كیمیاوی باران كرد، كەچی باوانێكتە وەمان زانی هەردژی كوردە، ماشەللاّ ئیشەكانی خوا چەند جوانە، موعجیزەی بۆ ئەو خەڵكە خوڵقاندبوو ئەمما موعجیزە.

دەك بەخێر بێن بەعسی تازە بەڵام بە لغاوی ( C I A)یەوە، دۆستە قەدیمییەكەی ساڵی١٩٩١ خەڵكی عێراق، ئەوەیە موعجیزە، بەبەر چاوی زەقی ئەمریكاوە سەددام خەڵكی باكور وباشوری عێراقی قەتڵ وعام دەكرد، بەڵام فزەیان لێوە نەهات، هەر ئەمرۆ بوون بە فریشتەی ئازادی خواز، چونكە دەیانەویست شۆڕشی خەڵكی داخ لەدڵی عێراق سەركوت بێت، بە برسێتی وزەبرو زەنگ واتە بەدەست ئاوەڵاكردنی سەددام وبە ١٢ ساڵ حیَار ئیقتیَادی لەسەر خەڵكی، ئائەوانەن قارەمانانی دژی دكتاتۆر ودژی تیرۆریست، تۆ سەیری ئەو گۆڕانە، هیچ شتێ نییە لای خوا گران بێت، ئەو ئیسلامی یەی مەرگ بر ئەمریكای دەوت، ئەمرۆكە خودا ڕەحمی خستەدڵی هەردوكلایانەوەو ئەو مەرگەی كرد بە بەرگ ی ئازادی خوازی و كردیە بەر ئەمریكاو، بوون بە وفریشتەی ڕزگاری و بۆ بەرژەوەندی عێراقی سوتاون و تێدەكۆشن و تیرپیلیۆن، ترپیلیۆن دۆلاری بۆ خەرج دەكەن تائەو میللەتە رزگار بكەن لەچینگی دیكتاتۆر چونكە لە ڤێتنام و كوبا و ئەفغانستانیش هەروایان كرد. هەروەك چۆن بەرگی شۆڕش گێڕی و ئازادی خوازیان كردە بەر فیق سامەرایی و نەزار خەزرەجی هەر واش كردیانە بەر ئەمریكا. بەڵام پێش هەرشتێ ڕوخانی ڕژێمی فاشیستی بەعس بۆ خەڵكی عێراق زۆر لەمێژە حوكمێكی شۆڕشگێرانەی خەڵكی بووە، بەڵام ڕەوتی ئاڵوگۆڕەكان لەم شەڕەی ئەمریكادا بەبەدیلی حكومەتێكی كارتۆنی هیچ بەرژەوەندی خەڵكی ستەم دیدەی عێراق تیانی یە، هێندەی كەتائێستە خەڵك قوربانی بۆ داوە، لایەق بەوەن كە نیزام وبەدیلێك لەعێراقدا بێننە سەركار مۆدێرن وسكۆلار شیاوی بەشەری ئەم سەردەمە بێت، نەوەك ماهییەتی قانون و بنەما سەرەكی یەكانی ئابوری وسیاسی وكۆمەڵایەتی وەك خۆی بمێنێتەوە، ماناى وایە چیمان كرد بەچی ؟

ئەو دار دە ستانەش كە لە سێ كوچكە ئالاون ( مەزهەب، كۆنە بەعسی، ناسیونالیست) ئەمرۆ كەباسی ڕزگاری خەلكی عێراق دەكەن، ئەسلا حكومەتی بەعس بێ ئەوان جوملەیەكیناموفیدبوو، ئەوان پایەی ئەو حكومەتەبوون، ئەگەر سەددام ئەندازیاری ئاشتی بوبێ هەروەك بەڕێز كاك مەسعود فەرمووی هەڵبەت قوتابییەكانی لەچەشنی خەزرەجی و كاكە وەفیق گیان، كەدەستی خۆشەویستی و كۆنەدۆستی مامەی گوشی، كە كوللیەی كیمیاویان، تەواو كردووە و شارەزان لە ئەنفال وقورئاندا، هەروا قائیدە كوردەكانیش كەماستاویان سارد دەكردەوەو و دیفاعیان لێ دەكردن چونكە ئەمانیش لە قەتڵ وعامی كۆمۆنیست ئینسانی ئازادی خوازدا بەهرەدارن، لەهێنانەوەی حیزبی بەعس بۆ كوردستان هەروەك لە ٣١ ی ئابدا كردیان، ئەمرۆ ئیسلامیش ئاوی تەبەڕوكی پیادەكات، نەك ئەندازیاری ئاشتی بەڵكو فریشتەن ئەمما چۆن فریشتەیەك.

بەڕاست خەلكی عێراق چ جیاوازی یەك دابنێن لەنێوان كۆن و كۆنە دەم زەرد كراو ئەمانە بۆ داهاتوی گیانی خەڵكی عێراق چارەنوسێكی ڕەشی ترن و هیچی تر، بەڵام دەربارەی كێشەی خەڵكی كورد كە : ( بەڕێزانی كۆشكی سپی (یَلي الله علیه وسلم) دەفەرموون ئەو باسی سەربەخۆییە بۆ دوای دەسەڵات) ، یەعنی بیخەوێنن تا بعد العید، لەوە بگەڕێین و غەییەتی موجریمەكانی كۆنگرەی لەندەن نەكەین، با غەییەتی خۆمان بكەین، یانی ئێستە نوێنەرمان دەچێتە پایتەخت، و ئێمەش بەشێك دەبین لە

حکومەتی فیدراڵی ئەگەر نەبێتە حکومەتی فی دڕڕ ئالی ؟ یەعنی دەبێ ئەم قائیدانە سوار شۆفلێ بن و زیندانەکان تێك بدەن کە بەعس ئینسانی ئازادی خوازی تێ دەکرد، ئیعدام و لە کارەبادان نەهێڵن، وا نی یە ؟ خوا عەلیمە لەوە زیاتردەکەن کە ئێمە خەوی پێوە دەبینین، ژن دەرەجەدوو نەبێ، !!چونکە کەمە با دەرەجە ١٢ بێت هەروەك لەڕەوشتی پەیامبەرماندا هەبوو، ئێمەش بە تاسیری ڕۆحی و فکری وشاخ، ڕابەرەکانی ئێمە تەجروبەی حکومەت کردنیان هەیەو ئازادی بیروباوەڕ و ئازادی سیاسی و وەفا بۆ عائیلەی شەهیدان و هەقی منالێ وپیرو پەککەوتەو ژن تیرۆر نەکردن و بەتاڵەییان هەر نەهێشتووە و کاریان بۆ مناڵی سەر بێشکەش پەیداکردووە، هەروەها زۆر قێزیان لە حیزبی بەعس دەکردەوە چونکە ئەو سەرکوتگەر بوو، ئەسلا بێزیشیان نەئەهات ماچی بکەن چونکە یەع بوو، ئەگەر ماچیشیان بکردایە هەر تاکتیك و سیاسەت بوو ئەوە بۆ دڵنیابوون لە تەوازون قوای ئێمەو شارەزا یمان لەحکومەت کردندا.

لەوانەشە ئەم حکومەتە نوسخەیەکی ئەمریکی و بریتانی بێت یانی تاریخ دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی مەلیك، بەلاّم ئەمانە نە گەورەو نە بچوك بەلکو مام ناوەنجی دەبێت ؟

یانی حکومەتێکی متمدن دادەمەزرێنن ؟

مەگەر خوا خۆی بزانێ ئیسلامییەکان چییان لەدلاّیە، من هەر لەخۆمەوە دەترسم چونکە لەوەتەی باسی شەڕە دەمەوێ ژمارەی قوربانیانی ئەم شەڕە ببژێرم لێم غەڵەت دەبێ، لێم تێك دەچێ، چونکە مەئساتەکەی لە خۆشییەکەی زیاترە وە مەرگێکی شێنەیی یە زۆرجار بەخۆشم دەڵێم کورە خوا گەورەیە و قوڕیان بەدەم، ، ، ئەدی بۆ دەڵێن :کەرێك بەپارەی بەفر کڕرابێت، هەرئاودەبیا بەلاّم لەوانەیە ئەمەیان خوێن بیبا، سەرای ئەوەش بەرنامەیەکی پڕ لەشەرمەزاریی کە لە سەدەی ٢١ دا بۆ خەڵکی عێراق دانراوە کەحقوقە مەدەنییەکانی لە ئیسلام کۆنترە ئەی با وکەڕۆ خوا خەمی نارد.

٢٠٠٣-١-٣

کەنەدا